بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی دەستگیرکردنی هەشت داواکراوی بەتۆمەتی جیاواز ڕاگەیاند

بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایشی عێراق ڕایگەیاند، ئەمڕۆ دووشەممە، هەشت داواکراوی بەتۆمەتی جیاواز دەستگیر کردووە، کە یەکێکیان لە ماڵەکەی خۆیدا لە پارێزگای بابل، تابلۆی ئۆتۆمبێلی چاپ کردووە.

بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئاسایش، ڕاگەیەنەدراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە، ”بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی پارێزگای موسەننا، توانییویانە شەش بازرگان و فرۆشیاری ماددە هۆشبەرەکان دەستگیر بکەن، ئەو تۆمەتبارانە بەگوێرەی یاسای ماددە هۆشبەرەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت“.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە: ”هەواڵگری و ئاسایشی پارێزگای بابل، تۆمەتبارێکیان دەستگیر کردووە، کە لە ماڵەکەی خۆیدا تابلۆی ئۆتۆمبێلی ساختە دەکرد، بەڵام مەفرەزەکان توانیویانە دەست بەسەر ئامێری چاپ کردنەکە و تابلۆ ساختەکاندا بگرن، تۆمەتبارەکەش ڕادەستی لایەنی پەیوەندار کرا“.

لەلایەکی دیکەوە دووکەسی دیکەیان بە تۆمەتی ڕفاندن و بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکان، لە پارێزگای بابل و کەربەلا دەستگیر کرا.